زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# شوێن لە رۆمانی (مەملەکەتی رۆبۆتەکان) ی (کەمال سەعدی) دا

**پرۆژەی دەرچوونە**

پێشکەش بە بەشی (زمانی کوردی) کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە (زمان وئەدەبی کوردی)دا


**ئامادەکردن:**

**سومیە فاخیر عبدالله**

**سەرپەرشت:**

**م. ڕێبین خلیل قادر**


**نیسانی ٢٠٢٢**

## پوختەی توێژینەوە

ژیانی مرۆڤ بەستراوە بە شوێن ، شوێن کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤ ، مرۆڤ هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی ژیانێکی خۆش و پارێزراوبۆ خۆی دروست بکات و بە دوایدا دەگەرێت وە هەوڵی بۆ دەدات ، مرۆڤ هەر لە سەرەتای ژیانەوە تا مردن پێویستی بە شوێنێکی دیاری کراو و پارێزراو هەیە.شوێن کە یەکێکە لە رەگەزە سەرەکیەکانی رۆمان پێگە و گرینگی زۆری هەیە هەم لە دەقی رۆماندا ، کاریگەری شوێن لە دەقی رۆماندا پەیوەستە بە رووداو و کات و کەسایەتییەکانی ناو رۆمانەکە ، چونکە نووسەر گەر بیەوێ رووداوێک لە نێو رۆمانەکەیدا بخاتە روو پێویستی بە چەند کەسایەتیەک هەیە وە بۆ رۆڵبینین لە کاتی روودانی رووداوەکە پێویستی بە شوێنێکی دیاری کراو هەیە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی جۆرەکانی شوێن لە رۆمانی (مەملەکەتی رۆبۆتەکان) و لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە و لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان خراونەتەڕوو.

| ژ | بابەت | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | 1 |
| ١-١ | **ناونیشانی توێژینەوە** | 1 |
| ١-٢ | **گرینگی توێژینەوە** | 1 |
| ١-٣ | **رێبازی توێژینەوە** | 1 |
| ١-٤ | **پلانی توێژینەوە** | 1 |
| ٢ | **شوێن (تیۆری)** | 2 |
| ٢-١ | **زاراوە و چەمکی شوێن** | 2 |
| ٢-٢ | **پێگە و گرینگی شوێن لە رۆماندا** | 2-5 |
| ٢-٣ | **جۆرەکانی شوێن** | 6-8 |
| ٢-٣-١ | **شوێنی واقیعی** | 9 |
| ٢-٣-٢ | **شوێنی خەیاڵی** | 10 |
| ٢-٣-٣ | **شوێنی هۆگر** | 11 |
| ٢-٣-٤ | **شوێنی ناهۆگر** | 11 |
| ٢-٣-٥ | **شوێنی کراوە** | 11-12 |
| ٢-٣-٦ | **شوێنی داخراو** | 12 |
| ٣ | **جۆرەکانی شوێن لە رۆمانی (مەملەکەتی رۆبۆتەکان) دا (پراکتیک)** | 13 |
| ٣-١ | **شوێنی واقیعی** | 13-15 |
| ٣-٢ | **شوێنی خەیاڵی** | 15 |
| ٣-٣ | **شوێنی هۆگر** | 16-17 |
| ٣-٤ | **شوێنی ناهۆگر** | 18-20 |
| ٣-٥ | **شوێنی کراوە** | 21-23 |
| ٣-٦ | **شوێنی داخراو** | 23-24 |
| - | **ئەنجام** | 25 |
| - | **لیستی سەرچاوەکان** | 26 |
| - | **پوختەیەک بە زمانی (عەرەبی و ئینگلیزی )** | ج |

## 1: پێشەکی:

### ١-١: ناونیشانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی (شوێن لە رۆمانی مەملەکەتی رۆبۆتەکانی کەمال سەعدی)یە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕوو و روونکردنەوەی شوێن و گرنگی شوێن و جۆرەکانی لەم رۆمانەدا.

### ١-٢: هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە:

شوێن وەک رەگەزێک گرنگییەکی تایبەتی لە رۆماندا هەیە لەبەر گرنگی بابەتەکە هەوڵماندا توێژینەوەی لەبارەوە بکەین. جگە لەمەش ئەو رۆمانەی بە نموونە وەرمانگرتووە تازەیە و بۆ یەکەمجارە توێژینەوە لەبارەی ئەم رەگەزە لەم رۆمانەدا بکرێت، هەر لەم روانگەیەشەوە ئێمە ئەم بابەتەمان هەڵژاردووە.

### 1-3: رێبازی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا رێبازی وەسفی شیکاریمان بەکارهێناوە.

### ١-٤: پلانی توێژینەوە:

توێژینەوەکە لە پێشەکی و دووبەش پێکهاتووە و لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو. بەشی یەکەم کە پێشەکییە، لەم تەوەرانە پێکهاتووە (ناونیشانی توێژینەوە، هۆی هەڵبژارنی توێژینەوە، رێبازی توێژینەوە، پلانی توێژینەوە). بەشی دووەم کە تیۆرییە و تایبەتە بە شوێن و شوێن لە رۆماندا، لەم تەوەرانە پێکهاتووە (پێناسەی شوێن، گرنگی و پێگەی شوێن، پێگەی شوێن لە رۆماندا، جۆرەکانی شوێن لە رۆماندا). بەشی سێیەم کە پڕاکتیکییە و تایبەتە شوێن و جۆرەکانی لە رۆمانی مەملەکەتی رۆبۆتەکان، هەوڵدراوە جۆرەکانی شوێن لەم رۆمانەدا دیاریبکرێن و روونبکرێنەوە.

## 2: شوێن:

### 1-2: پێناسەی شوێن :

ژیانی مرۆڤ بەستراوە بە شوێن ، شوێن کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤ ، مرۆڤ هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی ژیانێکی خۆش و پارێزراوبۆ خۆی دروست بکات و بە دوایدا دەگەرێت وە هەوڵی بۆ دەدات ، مرۆڤ هەر لە سەرەتای ژیانەوە تا مردن پێویستی بە شوێنێکی دیاری کراو و پارێزراو هەیە ، وە لە ئێستادا شارستانیەت پێشکەوتوون ، چەندین جۆری شوێن هەیە و گرینگی تایبەتی پێدراوە ، بەهۆی ئەو گرینگی پێدانەش نوسەران و رۆشەنبیران بایەخێکی زۆریان بە شوێن داوە لە نێو بەرهەمەکانیان بە تایبەتی لە چیرۆک و رۆماندا، ئەمەش بۆتە هۆی چەندین پێناسەی جیا بۆ شوێن بکرێت، (سیزا قاسم ):- لە پێناسەکردنی شوێندا بۆچوونی وەیە کە ( شوێن ئەو چوارچێوەیە کە رووداوەکانی تێدا روودەدەن ) (ابراهیم-٢٠١٣-٥٧) وە هەروەها (حەمە کەریم عارف) لە ناساندنی شوێندا دەڵێت : ( شوێن لە چیرۆک و رۆماندا ، دەکاتە ئەو زامینەیە کە هەر هەموو رەگەز و پازەکانی کارە هونەریەکەیەک دەخات ، تەنانەت کات و زامەنی چیرۆکڤانیش لەوەدا بەرجەستە دەبێت و ئەگەر هونەرمەندەکە، لە بارەی مێژووی هونەرییەوە راستگۆیانە مامەڵەی کاتەکەی بکات ئەوا کارەکەی لە مێژوودا رەزگار دەبێت و (ابراهیم-٢٠١٣-٥٧) واتە: ئەو شوێنەی کە لە رۆماندایە جیایە لەگەڵ خەیاڵ و بیرانەی نوسەرەوە کە لە مێشکی دا دروستی کردوە ، بە و شێوەیە نیە کە لە واقیعدا هەیە، بەڵکو شێوەیەکی جوانە کە زمان درووستی کردوە و هەندێک جار شێوەیەکی ئەفسانەیی بووە لە سەروی خەیاڵی مرۆڤەوە بوەئەمەش بۆ ئەوەی کە نووسەی مەبەستی خۆی بپێکێ وە ئەمەش دەگرێتەوە وە بۆ بەتوانایی وە زیراکی نووسەر وە فەرهەنگ زمانی دەوڵەماند بێ کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە نێو رۆمانەکە وا بەشێوەیەکی باشی وێنەی شوێنەکە دروست بکات یاخود بەهۆی ئەزموونی ژیانی شوێنێک بە خوێنەر بناسێنێ.

لێرە نووسەر دەبێ شوێن و کات و روداوەکە بە شێوەیەکی جوان پێک ببەستێ و وێنەیەکی جوان ببەخشێ بە رۆمانەکە تا خوێنەریش جوانتر لێی تێبگات و وێنەکە بناسن .

### 2-2: پێگە و گرینگی شوێن:-

(پێگە و گرینگی شوێن لە رۆماندا دە گەرێتەوە بۆ کاریگەری بنیای شوێن لە نێو بنیای گشتی دەقی دەقی رۆماندا )(ابراهیم-٢٠١٣-٥٩) واتە/ شوێن کە یە کێکە لە رەرەگەزە سەرەکیەکەنی رۆمان پێگە وگرینگیەکی زۆری هەیە لە نێو دەقی رۆمان دا ، کاریگەری شوێن لە دەقی رۆماندا پەیوەستە بە رووداو کات و کەسایەتیەکانی ناو رۆمانەکە ، چونکە نووسەر گەر بیەوێ رووداوێک لە نێو رۆمانەکەیدا بخاتە روو پێویستی بە چەند کەسایەتیەک هەیە وە بۆ

ڕۆڵ بینین لە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە پێویستی بە شوێنێکی دیاری کراو هەیە واتا بە بێ بوونی شوێن ڕووداو و کەسایەتیەکان بوونیان نابێ وە لە کاتی نەبوونی ڕووداو و کەسایەتیەکان هیچ شوێنێک گرینگی و بوونی نابێت، کە لە ڕۆمانەکان بەکاردێ کەسایەتی کەسەکە دیاری دەکات کە بەهێز ،یاخود لاواز لە هەموو `ڕوویەکەوە، وە نووسەر لێرە دەبێ بە شێوەیەکی وا جوان وێنا بکات لە نێو ڕۆمانەکە ، مەگەر شوێنەکە واقیعیش بێ بەڵام دەبێ بەرگێکی هونەری بخاتە سەر بۆ ئەوەی گرینگ و بایەخی زۆری هەبێ بە شێوەیەکی گشتی ، وە بتوانێ بە هۆی ئەم شوێنەوە کە ڕووداوێکی لەسەر ڕوودەدات، وە هەموو ئەوە ببەستێ و وە بیپێکێ. وە هەندێ جار ڕۆمان نووس هەوڵ دەدات بە هۆی شوێنەوە مێژووی ناوچەیەک نیشان بدات لە بەر ئەوەی شوێن پەیوەندی هەیە بە واقیعەوە،تەکنیکی نوێ نوسینی ڕۆمان ڕۆڵکی گرینگی بینیوە لە بوارەدا شوێنی ئەو فەزاییە کە جۆرەها شتی تێدایە دیاری دەکرێت لەوانە دیمەن وێنە ژینگە دەلالەت و ڕەمزەکان کەپێک هێنەری بڕبڕەی پشتی هەر دەقێکی گێردراون هەروەها پێگەیەکی ژینگەیی بۆ کەسایەتی چیرۆک و شانۆ ی ڕوداوەکانیش لەبەر ئەوەی ڕێرەوی دەقە بەشێکە کە لە ڕێرەوی واقع ئالیاتی شوێنی شتێک نیە جگە لەو هۆیە سەرەکیەکانی کەسێرە لە واقیع دەگرێت لە سەر ئاستی گێرانەوە لە سەر ئاستی شوێن وروئیەکان (ابراهیم- ٦١ – ٢٠١٣)

بۆیە بە هاوگرینگی شوێنی ئەو کاتە بە دەردەکەوێت کە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبێ لە ناو دەقەکە بە شێوەیەکی هونەری جوان نوسرابێ وە لە گەڵ بنەما سەرەکیەکانی وەک :- ڕووداو و کەسایەتیەکان یەک بگرێتەوە .سەرکەوتن عمر ابراهیم – بنیاتی هونەری لە ڕۆمانی کوردیرۆژهەلاتی کوردستان (١٩٩٨-٢٠٠٨) – کۆلێژی زمان – زانکۆی کۆیە- ٢٠٠٣ زاینی .

شوێن بایەخێکی گرینگی هەیە لە لێکۆلینەوە فەلسەفیەکاندا کە وا شوێنێکی تایبەتی بۆ دانراوە، لەوانە (ئەفلاتون ) یەکەم کەس بووە کە پێناسەی شوێنی کردوە وتوویەتی شوێن گرتنە خۆ تێدا بوونە،بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە وە لە سێ مەودا پێک دێت، واتا مەوداکانی ( درێژی – پانی – بەرزی ) هەر مادەیەکیان کە قەبارەیەکی دیاریکراوی هەیە شوێنێک دەگرێت (سالح-٢٠٠٦-١٣) ئەمەش دوای ئەوەبوو جێگای سەرنجی لای فەیلەسووفەکانی تر لەوانە (ئەرستۆ) لە پێناسەی شوێندا دەڵێت( ئەو ڕووە ناوەکیە بەرکەوتەیەیە بۆنە و تەنەی لە خۆ گەرتوە ئەویش دوو جۆرە : تایبەت : هەرتەنێک شوێنێکی هەیە داگیری کردوە هاوبەش : کە پتر لە تەنێکی لە خۆ گرتوە ) (فەرەج-٢٠١٢ – ٧٩) .

(سیزا قاسم لە پێناسەکردنی شوێندا بۆچونی وایە کە شوێنی ئەو چوارچێوەیە کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن )(ابراهیم-٢٠١٣-٥٧) وە هەروەها ( حەمەکەریم عراف لە ناساندنی شوێندا دەلێت شوێن لە چیرۆک و ڕۆماندا دەکاتە یەو زەمینەی کە هەر هەموو ڕەگەز و

پاژیەکانی کارە هونەریەکە یەک دەخات تەنانەت کات و زەمەنی چیرۆکڤانیش لەوەدا بەر جەستە دەبێ وە ئەگەر هونەرمەندەکە لە بەرەی مێژووی هونەریەوە راستگۆیانە مامەڵەی کاتەکەی بکات ئەوا کارەکەی لە مێژودا رزگار دەبێت بە بەردەوامی بگرە نەمری پەیدا دەکات شێوازی زمانی خۆشی بەرهەم دێنێت (ابراهیم -٢٠١٣-٥٧) واتا شوێنی کەلە رۆمان دایە جیایە لەگەڵ ئەوەی لە راستەقینە  دایە چونکە شوێن لە رۆماندا شوێنی ئەو خەیاڵە و بیرانەی نووسەرەکە لە مێشکی دا دروستی کردوە بەو شێوەیە نیە کە لە واقیع دا هەبێ بەلکو شێوەیەکی جوانە کە زمان دوستی کردوە هەندێک جار شوێنێکی ئەفسانەیی بوە لە سەرووی خەیاڵی مرۆڤەوە بووە ئەمەش بۆ ئەوەی کە نووسەر مەبەستی خۆی بپێکێ وە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ بەتوانایی و زیرەکی نووسەرەوە فەرهەنگێکی زمانی دەوڵەمەند بێ کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە نێو رۆمانەکەدا بە شێوەیەکی باش وێنەی شوێنەکە دروست بکا یاخود بەهۆی ئەزموونی ژیانی شوێنێک بە خوێنەر بناسێنێت لێرە نووسەر دەبێت شوێن و کات و رووداوەکە بە شێوەیەکی جوان پێک ببەستێت وێنەیەکی جوان ببەخشێ بە رۆمانەکە تا خوێنەریش جوانتر لێی تێبگات شوێنەکە بناسێ لە رووی کۆمەڵایەتیەوە شوێن  لە ژیانی مرۆڤ دا رۆڵێکی گرینگی گێراوە بۆوەتە مایەی مانەوە و بەردەوامی مرۆڤ سەرەتا لە ئەشکەوتەکان دا ژیاوە لە مەترسی پاراس تویانە دیواری ئەشکەوتەکانیش باشترین شوێنی تۆمارکردنی مێژووی ژیانی بووە ئەوەی پەیوەندی پێوە هەبووە پێی گەیشتووە لە رابردووی تۆماری کردوە دوتر بوە بە کەلتوور بۆ داهاتوو لە رێگای شوێنەوە دەتوانین رێبازی ژیانیان وە چۆنیەتی مامەڵە کردنیان لەگەڵ سروشت دا بخوێنیتەوە لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی کەسەکان کەمی ژمارەی ئەشکەوتەکان مرۆڤ بیری لە دروست کردنی مەڵبەندێکی تر کردوەتەوە ورد ورد ماڵی دروست کرد کۆمەڵێک گوندیان پێک هێنا شار دروست بوو پاشان وڵات سنووری موڵک داری شوێن هاتە کایەوە مرۆڤ شوێنی بوەتە دوو رەگەزی یەکتر تەواکەری هەردووکیان پەیوەستە بە یەکتری وەهاوکات یەکتری تەواو دەکەن ئەم پەیوەندیەش فاکتەرێکی گرینگ بوو ، ( شوێنی کارێکی گەورەی کردوەتە سەر بیری مرۆڤ بەڵام ئەم کار تێکردنە وە نابێ کارتێکردنێکی یەکلایی بێ وەتەنیا لە لایەن شوێنەوە بێ بەسەر مرۆڤەوە بەڵکو مرۆڤیش لە قۆناخی مێژووییە جۆر بە جۆرەکانی پەرەسەندنی ژیانی کاری کردوەتە سەر گۆران و پەرەسەندنی شوێن ) ( سالح-٢٠٠٦-١٧-١٦ )

جۆرەکانی شوێن زۆرن لە ژیاندا لە هەر لایەنێک باسی بکەین هێشتان کەمە لە جۆرانەش دەگوازرێنەوە ناو ئەدەب ئەو واقیعە کە هەیە دەخزێتە نێو رۆمان و چیرۆک و شعر ، ئەوەی لامان گرینگە رۆمانە ، لە نێو رۆمانی کوردیدا هەمیشە بەرجەستەکردنی واقیعی ژیان و وێنەگرتنی واقیعی بارو دۆخی کۆمەڵگای کورد ژینگەی راستەقینەی کارەکتەرەکان بەبەتی

سەرەکی رۆمانی کوردی بووە ، واتا هەوڵ دراوە شوێن ژینگەی کارەکتەر وگۆرەپانی رووداوەکان دیاری بکەن

## 3-2: پێگە و گرینگی شوێن لە رۆماندا :-

(پێگە و گرینگی شوێ لە رۆماندا دەگەرێتەوە بۆ کاریگەری بنیاتی شوێن لە نێو بنیادی گشتی دەقی رۆمانە)(ابراهیم-٢٠١٣-٥٩) واتا شوێن کە یەکێکە لە رەگەزە سەرەکیەکانی رۆمان پێگە و گرینگی زۆری هەیە هەم لە دەقی رۆماندا ، کاریگەری شوێن لە دەقی رۆماندا پەیوەستە بە رووداو و کات و کەسایەتییەکانی ناو رۆمانەکە ، چونکە نووسەر گەر بیەوێ رووداوێک لە نێو رۆمانەکەیدا بخاتە روو پێویستی بە چەند کەسایەتیەک هەیە وە بۆ رۆڵبینین لە کاتی روودانی رووداوەکە پێویستی بە سوێنێکی دیاری کراو هەیە واتا بە بێ بوونی شوێن شوێنێک و گرینگ و بوونی نابێت ، کە لە رۆماندا بەکار دێ کەسایەتی کەسەکە دیاری دەکات کە بەهێز یاخود لاواز لە هەموو روویەکەوە وە نووسەر لێرە دە بێ بە شێوەیەکی وا جوان وێنا بکات لە نێو رۆمانەکە مەگەر شوێنەکە واقیعیش بێ ، بەڵام دەبێ بەرگێکی هونەری بخاتە بەر بۆ ئەوەی گرینگی و بایەخی زۆری هەبێ بە شێوەیەکی گشتی ، وە بتوانێ بە هۆی ئەم شوێنەوە کە رووداوێکی لەسەر رووئەدات ،هەموو ئەو مەبەستەی هەیە بی پێکێ ، وە هەندێ جار رۆمان نووس هەوڵ دەدات بە هۆی شوێنەوە مێژوو ناوچەیەک نیشان بدات ، لەبەر ئەوەی شوێن پەیوەندی هەیە بە واقعەوە ، تەکنیکی نوێی نووسینی رۆمان رۆڵێکی گرینگی بینیوە لە بوارەدا،( شوێن ئەو قەزایەیە کە جۆرەها شتی دیاری دەکرێت لەوانە دیمەن ، وێنە و ژینگە دەلالەت و رەمزەکانی کە ، کە پێک هێنەر و بربرەی پستی هەر دەقێکی گێردراو هەروەها پێگەیەکی ژینگەیی بۆ کەسایەتی چیرۆک و شانۆی روداوەکانیشە ، لەبەر ئەوەی رێژەی دەق بەشێکە لە رێژەی واقیع ، ئالیاتی شوێن شتێک نیە جگە لەو هۆیە سەرەکیانەی کە لە واقیع دەگرێت لەسەر ئاستی گێرانەوە و لەسەر ئاستی شوێن و روئیاکان) (ابراهیم-٢٠١٣-٦٩) بۆیە بە هاو گرینگی شوێن ئەو  کاتە دەردەکەوێت کە رۆڵێکی سەرەکی هەبێ لە ناو دەقەکە و بە شێوەیەکی هونەری جوان نوسرابێ وە لەگەڵ بنەما سەرەکیەکانن وەک رووداو و رووداو و کەسایەتیەکان یەک بگرێتەوە .

شوێن بنەمایەکی سەرەکی و کاریگەرە لە رۆماندا پانتاییەکی فراوانی داگیر کردوو ، بە ئاشکرایی و بوونی هەستی پێ دەکرێ، پەیوەدیەکی پتەویشی بە هەموو بنیاتە هونەریەکانی تری  رۆمانەوە هەیە ، وەک رووداو ، کەسایەتی ، کات ، بێ ئەو رەگەزە سەرەکیانە شوێن هیچ بوون و واتایکی لە ناو دەقدا نابێت ، چونکە رووداوەکان لە نێو شوێن روودەدات و کەسایەتیەکانیش  لە نێو شوێن رۆڵ دەگێرن و وەسفیش تەواو ۆەری بنیادی شوێنە .

(شوێن به واتا بەرفراوانیەکەی هەمیشە شانۆیەک بووە بۆ ڕووداوەکان ئاشکراکردنی دەروونی کەسایەتیەکان بووە و گوزارشتی لێکردوون کاریگەری لە ژیاندا درووستکردوە )(سعید-٢٠١٣-١٧) ، چۆنیەتی بەکارهێنانی شوێن لە ناو ڕۆماندا بە یەک شێوە نیە ، بەڵکو بە پێی تێروانینی ڕۆماننوسە ، ئەرک و ڕۆڵی شوێن بەوە دەناسرێتەوە .

( شوێنەکە کە کەس و ڕووداوەکان لە خۆدەگرێت ، هەمندێ جاریش شوێن دەبێتە توخمێکی گرینگی بنیاتی پێکهاتنی دەقەکە، کەخۆی بەرجەستە دەکات لەو کاریگەریەی شوێن دەیبەخشێتە سەر کەس و ڕووداوەکان لا ناو ڕۆمان) (عوسمان – ٢٠١٥-١١)

شوێن سەرچاوەی لە واقیعەوە یان زادەی خەیاڵەوە وەردەگیرێ، ئەگەر لە واقیعەوە وەربگیرێ دەبێ بەجۆرێک وێنای بکات ، کە خەسڵەتێکی هوونەری وەربگرێت ، کە خوێنەر چێژ لە بینینی شوێنەکە ببینێ، بە پێچەوانەش ئەگەر شوێنەکی خەیاڵیش بێ پێویستە بە جۆرێک وەسف بکرێت هەستێکی لا دروست بکات ، کە لە ڕاستیەوە وەرگیراوە ، ئەمەشبەندە بە لێهاتووی و زیراکی ڕۆمان نووس لە دیاری کردن و وێناکردنی ئەم جۆرە شوێنە وە سەرئەنجامیش دە بێتە هحۆکارێک بۆ چۆنیەتی پاراستنی هاوسەنگی بنیاتی هونەری دەقەکە و کاریگەری ڕاستەوخۆی پێکهاتەی گشتی دەقەکە هەیە .

شوێن هۆکارێکیشە بۆ دەربرینی هەڵوێستی پاڵەوانەکان لە ناو گشت گێرانەوەکان ، دەبێتە ژینگەیەک بۆ لابردنی حاڵەتە فیکری و دەروونی پاڵەوانەکان لە نێو ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت ، ئەوەش وادەکات شوێن تەنیا شوێنی جوگرافی و ماڵ و ژوور نەگرێتەوە بەڵکو دەبێتە هەڵگری نهێنیەکانی ژیان وەک سەرەتای لەدایک بوون و مردنی مرۆڤەکان و ناخی مرۆڤ و کەسایەتیەکاندا ڕۆ بچێتە خوارێ و وێنەی تەواوی ژیانیان لە ڕێگای شوینەکە وە بکشێت ، هەروەها شوێن ئاشکراکەری گشت نهێنیەکاننە واتە ئەو نهێنیانەی لە پشت شوێنەکان خۆیان حەشار داوە سەرەداوێک دەردەخات بۆ خوێنەر یان وەرگر .

جۆرەکانی شوێن ڕەخنەگر و لێکۆڵەر هەر یەکە بە پێی بیر و باوەر و دیدەو گۆشە نیگای جیاوازەوە جۆرەکانی شوێنیان دابەش کردوە لەوان :-

## 4-2: جۆرەكانی شوێن:

( مۆڵ و رۆمێر) بەپێی ئازدی مرۆڤ  ئەو دەسەڵاتەی خۆی تێدا بەسەر شوێندا هەیەتی جۆرەكانی شوێنیاندابەش كردۆتە سەر چوار جۆر )(عوسمان، ٢٠١٥، ١٧ )

١- شوێن لای من : ئەو شوێنەیە تێیدا دەسەڵاتی خۆی تێیدا رایی دەكەم بۆ من شوێنێكی ئاشنایە ئەم شوێنە بەسۆز و هۆگرە دەتوانن بڵێن شوێنی تایبەتی كەسە.

٢- شوێن لای كەسانی تر: ئەو شوێنەیە كە تێیدا مل كەچی دەسەڵاتی یەكێكی ترم ناچارم دان بە دەسەڵاتە دابنێم .

٣-شوێنە گشتیەكان : ئەو شوێنەیە  كە مولكی كەس نیە بەڵكو لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەمەندایە .

٤- شوێنە كۆتاییەكان : ئەو شوێنانەی بە گشتی خەڵكی تێدا نیە  ئەو زەویەیە كە كەس دەسەڵاتی بەسەر دانیە وەك ( بیابان – دەریا- دونیای هەسارە و ئەستێرەكان )

[(غالب هەلسا) : بەپێی پەیوەندی رۆمان بە شوێنوە سێ جۆری شوێن دیاری كردووە] (سالح،٦٣،٢٠٠٦) .

١-  شوێنی مەجازی : مەبەست لەو شوێنە یە كە گومانی  لە بونیاتناندا هەیە نزیكن لە گریمانە مل كەچی حەز و ئارەزووەكانی كارەكتەر و پێویستی رووداون.

٢- شوێنی ئەندازەیی : بەو شوێنە دەگوترێ كە رۆمان دەیخاتە روو كە نووسەر هەستی بینین چۆن چاو دەبینێ وێنەی  مەودای ئەم جۆرە شوێنە دەكێشێ ، دەنگی ، پانتایی ، ....هتد.

٣- شوێنی تاقیكردنەوە : بەو شوێنە دەگوترێ كە نووسەر تێیدا ژیاوە دوای ئەوەی لێی دوور كەوتوەتەوە هێشتان لە خەیاڵدا دەژی .

[(ئانیا ئەسعەد محمد): لە نامەی دكتۆرا كەیدا لە سێ روانگەی شوێنی لە رۆمان دا پۆلێن كردوە] (عوسمان ، ٢٢،٢٠١٥).

١- لە روانگەی هەبوونی شوێنەوە : واتا بوون ی واقیعی شوێن یان لە نەبوونی واقیعدا ، بەم پێیەش دەتوانرێت دوو جۆر شوێن لە رۆمان دیاریبكرێت كە ئەوانەش (شوێنی واقیعی و شوێنی ناواقیعی ) .

٢- له رانگەی چەمکی هۆگریەوە : یان بە پێی هەستی کارەکتەرەکان بەرامبەر بە شوێن ، بەم پێیەش دەتوانرێ دوو جۆر شوێن لە رۆمان دیار بکرێت ، ئەوانەش ( شوێنی هۆگر و شوێنی ناهۆگر) .

٣- له روانگەی بەکارهێنانی شوینەوە : بەم پێیەش دەتوانرێت دوو جۆر شوێن لە رۆمان دیار بکرێت ئەوانیش : ( شوێنی کراو و شوینی داخراو).

جۆرەکانی شوێن ئەمانەن:

## 1-4-2: شوێنی واقیعی :-

شوێنی واقیعی ئەو شوێنەیە دەبینرێ و دە ناسرێ لەسەر زەویدا بوونی هەیە بە شێوەیەکی هونەریدا دەرێژرێ چونکە (ئەگوانەکان کارەکری جوانکاریە هونەرەکی و نرخەکەی لە دەست دەدات چونکە شوێن بە تەنها بوونێکی نیە ئەگەر نەبێتە تەواوکەری لایەنی دەروونی و جوگرافیای شوێنەکە ئەگەر ئەم کارە ئەنجام بدا و ئەوە ئەوکاتە شوێن بونیا و ناوە) (سعید-٢٠١٣-١٧٦) چونکە شوێن دەقە جیاوازەکان لەگەڵ شوێنی راستەقینە .

رۆماننووس بە بەکارهێنانی ناوی راستەقینەی شوێن وا لە خوێنەر دەکات بەبێ ماندووبون و بیرکردنەوە ئەو شوێنانە بناسێتەوە ، بەڵکو نووسەر دەبێ بە سوود بینینی شوێنی واقیعیەکە تێکەڵی بیر و ئەندێشەی خۆی تێکەڵ بەو شوێنە بکات بەڵام ئەگەر تەاوا تێکەڵ بە ئەندێشەی خۆی بکات ئەوا واقیعیەتەکەی لە دەست دەدات بۆیە رۆمان نووس هەوڵ دەدات ئەو شوێنانە هەڵبژێرێ خاسیەت و سروشتی شوێنی واقیعی و راستەقینەی بداتێ واتا پەنا دەباتە بەر وەسف کردنێکی دوورو درێژی شوێنەکە تاوەکوو لە واقعی نزیکی بکاتەوە و وا لە خوێنەر بکات هەست بە بوونی راستەقینەی ئەو شوێنە بکات .(شوێنی واقیعی شوێنێکی هونەری ناو دەقە ، لە دەقی هونەری دروست کراوە)(عوسمان–٢٠١٥–٢٤). بۆ نیشان دانی ئامانج و خواست بە چەند رێگایەک دەبێت ( سالع-٢٠٠٦-٦٨):

١- ناوی راستەقینەی شوێن :بەکار هێنانی ناوی راستەقینەی شوێنکەیە لەسەر زەوی بۆ شوێنی رۆمانەکە ، خوێنەربێ ماندووبوون دەیناسێتەوە، وەکو (گەرەک، گوند،شار،رووبار ، چیا.....هتد)

٢- تایبەتمەندی شوێن: بەکارهێنانی تایبەتمەندی سوشتی یان ئەو تایبەتمەندیانەئیبە رووداوی سیاسی یان کلتوورییەوە هەیەتی بەناوبانگ بووە ئەو شوێنە و بۆتە ناسنامەی ئەو شوێنە و جیای دەکات لە شوێنەکانی تر .

٣- وەسفی دوور و درێژی شوێن: زۆر جار رۆمان نووسان بۆ دروستکردنی فکرەیەکی واقیعی ناو خنی دەقەکەی ، لە رێگەی شوێن واقیعەوە ئەو فیکرەیە لای خوێنەر درووست دەکەن بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەبەنە بەر وەسفێکی ورد و دیقەتی دوور و درێژی شوێن. بۆ نموونە سنووری جوگرافی سروشت و هەڵ کەوتە و کەشەکە وەسف دەکەن ، یان وەسفێکی دوور و دریژی کەلوپەلەکان ناوی دەکەن .

## 2-4-2: شوێنی خەیاڵی:-

شوێنی خەیاڵی پێچەوانەی شوێنی واقیعیە ، چونکە  شوینی واقیعی لە بەر چاوانە و ئاشکرایە و راستەقینەیە یان لەسەر زەویدا نیە ، ناتوانرێ ببینرێ و سەرچاوەکەی خەیاڵە (گرینگترین خاسیەتەکانی شوێنی خەیاڵی ئەوەیە کە مێشک دروست دەکات بە شێوەیەکی سەرەکی، سەرچاوەکەی خەیاڵ و ئەندێشەی چیرۆک نووسە)(عوسمان-٢٠١٥-٢٩) رۆمان نووس بەهۆی خەیاڵەوە دروستی دەکات و دەیهێنێتە پێش چاوی و وێنەی دەکێشێ بۆ جیاکردنەوەی شوێنی واقیعی  و شوێنی خەیاڵی ( لە وێنە کێشانی شوێنی واقیعیدا رۆمان نووس متمانە دەکاتە سەر هەستی بینین ، چۆن شوێنەکە دەبینێت ئاوا دەیکێشێت ، لەگەڵ هەندێگۆرانکاریدا، بەڵام لە وێنە کێشانی شوێنی خەیاڵی ، یان فانتازیدا، متمانە دەکاتە سەر خەیال، چۆن شوێنەکە لە زەین و خەیاڵدا بەرجەستە بووە، بە و شێوەیە وێنە دەکێشێت) ( سالح -٢٠٠٦-٧٩) .بۆ ناو لێنانیش هەندێک جار رۆمان نوس لە واقیعنزیک دەبێتەوە وە ناوی شوێنێکی واقیعی لێدەنێ لە شوێنە خەیاڵیەکە یان ناوی بۆ دانانێ و تەنیا وەسفی شوێنەکە دەکات ، پێویستیشە رۆمان نوس لە رۆمانەکەی شوێنێکی خەیاڵی یان فانتازی گونجاو بدۆزرێتەوە لەگەڵ رۆڵی کارەکتەرو جۆری رووداوەکە بگونجێت ، چونکە ( هەندێ جار پێویستی حیکایەتەکە وا دەکات کە ئەو رووداوانەی کە روودەدەن و یان هەرکارێک کە کارەکتر دەیکات وە لە رۆمان نوس دەکات پەنابباتە بەر خەیاڵ بەڵام ئەبێ بزانین کە پێویستی حکایەتەکە وا دەکات پەنا بباتە بەر خولقاندنی شوێنی خەیڵی) (ملی-٢٠٠٩-٩٩)هەروەها شعری خەیالی جۆرێک لە ئازەدی بە شاعیر دەبەخشێت لە کاتی بەکارهێنان و بنیاتنانیان، لێرەوەش تێروانینی داهێنانی شاعیر و ئە و توانایەی کە هەیەتی لە گۆرانی شوێنی واقیعی بۆ خەیاڵی لەسەر رووی بە دیار دەکەوێت، زۆرجار نوسەر جیهانە خەیاڵیەکەی لەسەر بناغەئ جیهانی واقیعی دروستی دەکات ، واتا سود لەسەرچاوەی واقیع وەردەگرێت، واتا خودی شوێنە خەیاڵیەکە لە واقیعدا نیە بەلام هاوشێوەیان واقیعدا هەیە ، بەڵام تەنها لە رۆمانە خەیاڵ ئاساییەکاندا دەتوانرێت سود لە واقیع وەربگرێت، بەڵام شوێنی فانتازی زادەی خەون و خەیاڵی نووسەرە، ئەوشوێنانەی دەگرێتەوە مەحالە لەسەر زەوی هەبێ و بەرگیکی ئەفسانەی دەپۆشێت ، دەتوانین بە دوو جۆر شوێنی خەیاڵی بنوسرێ:-

### 1-2-4-2: شوێنی خەیاڵی ئاسایی:

واتا ئەو شوێنانەی لەسەر بناغەی واقیع بنیات نران، بۆیە جیاوازی دەق دەنوێنن.

### 2-2-4-2: شوێنی خەیاڵی نا ئاسایی یان فانتازی :

واتا ئەو شوێنانەی لەسەر بناغەی خەون و خەیاڵ دوور لە واقیع بنیاد نراوە بۆیە جیهانی ئەفسانە و خورافیات  دەنوێنن.(سالح-٢٠٠٦-٨٠)

## 3-4-2: شوێنی هۆگر:-

ئەو شوێنەیە کە تیایدا ژیاون و هەسمان بە ئارامی کردووە هەردەم لە یادگاری و بیرەوەریمان دەمینێ.(مەبەست لەو شوێنەیە کە مرۆڤ تیایدا ژیاوە و پێی هۆگرە و ئاشنا بووە ، تیایدا هەستی بە سۆز و گەرم و گوری و ئارامی و دڵنیای کردوە ، هەستەکانی هۆگری خۆشی و ناخۆشی و کەمو کوریەکانی ئەو ژینگەیە بووە ، رایەڵە و یادگاریەکانی پێوە بەستراوە ) ( عەزیز-٢٠١٤-٤٤)لە و نموونانەی شوێن لە رۆمان وەری بگرین (ماڵ) قوڵترین یادگاری منداڵیە و تا گەورەبوونی ، هەموو یادگاری خۆش و ناخۆش کە روویان داوە لە ناخەوە بەستراوەتەوە ، بۆیە بە بەهێزترین جۆرەکانی شوێن دا دەنرێت بێجگە لە (ماڵ) شوێنی تر لە نێو ناخمان تایبەتە وەکو شار و گەرەک یان ، هەروەها شوێنە ناخۆشیەکانیش دەگرێتەوە کە هەستێکی تاڵ و ناخۆش دەبەخشێت یاخود وەکو ئەو کەسانەی لە زێدی نیشتمان دوورن هەستی غەریبییان لا دروست دەبێ .

## 4-4-2: شوێنی نا هۆگر:

ئەو شوێنەیە کە تیایدا نەژیاوە و پێیان هۆگر و ئاشنا نەبووە ، تیایدا هەست بە نامۆیی و نا ئارامی دەکات . یان هەست بە رق و کینە، هەندێک جار مەترسی و ئەشکەنجە یان ترس مەرگ( بە واتایەی کە مانەوە بە زۆری یان بە ناچاریە بۆ ئادەمیزاد، کە کارەکتەر هەست بەررق و کینە و دوژمنایەتی و هەندێک جار نامۆیی دەکات تیایا، وەک دور خستنەوەیەک بێ لە ماڵ یا لە شار یان بە وێنەی زیندان بێت بۆی یا مەترسی بێت لە مەرگ کە وەک و قەبرسان دەگرێتەوە) (عەلی-٢٠٠٩-١٠٥) ئەم جۆرە پێچەوانەی شوێنی هۆگرە لە بەرامبەر هەست بە هیچ جۆرە هۆگریەک ناکات دەتوانین بڵێن شوێنی نا هۆگر ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ بە ناچاری تێیدا دەژی لەبەر هەر هۆکارێک هەوڵ دادات تا دەکرێت خۆی لە و شوێنانە بە دوور دەگرێت.

## 5-4-2: شوێنی کراوە :-

بریتیە لە شوێنەی دەرەکییەکان کە لە رووی بەکار هێنانیانەوە تایبەت بین بە کەسانێک یان کۆمەڵە کەسێک ، بەڵکو بە رووی هەموو کەسێکدا کراوەن، بۆیە هەموو کەسێک دەتوانێت بەکاریان بهێنێت بۆ ئارەزووی خۆیان تیایدا بێن و بچن وەکو ( مزگەوت و بازار و چایخانە و نەخۆشخانە و ...هتد) هەروەها شوێن تری کراوە هەن وەکو شوێنە سروشتیەکان وەک ( چیا و دەشت و ئەشکەوت و......هتد ) هەروەها هەموو مرۆڤێکیش ئاسایی خۆی و شوێن کراوە بەسەر دیات بەڵام کارە نهێنیەکانی شوێنی داخراو وا ئەنجام دەدات.شوێنە کراوەکان فرە جۆرن بە پێی گرینگی رووداوەکان شوێنەکانی بە کار بردووە ) (سعید-٢٠١٥-١٧٩) بۆ نموونە

کەسێک توشی روداوی ئۆتۆمبێل بێ ئەوا پێویستی بە چارەسەری رووداوەکە شوێنی چاکردنەوەی کە ئەم شوێنە شوێنێکی پێیوەستە بە ژیان کەسایەتیەکان ببنە شانۆیەک یان هۆکارێک بۆ رووداو و روونکردنەوە و خستنە رووی ژیان کەسایە سەرەکیەکان و لاوەکیەکان.

## 6-4-2: **شوێنی داخراو** :-

ئەو شوێنەیە کە تایبەت بە کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک بە رووی خەڵکیدا داخراوە. هەموو کەسێک ناتوانێ بەکاری بهێنێت وەک : ماڵ و ژوور و زیندان و کێڵگە....هتد. شوێنە داخراوەکانیش هەندێک جار بە شوێنێکی ئارام و سەقامگیر دا دەنرێت وۆکو ماڵ بەڵام دەرەوە و شوێنە کراوەکان پێچەوانەی ماڵە بەڵام هەندێک شوێن هەیە وەکو (گۆر،شوێنێکی داخراو و ئەبەدیە ، کرانەوەشی پەیوەندی بە جیهانی نادیارەوە هەیە .)(شوێنی رۆمان پێکهاتووە لە گشت و بەش، لە کراوە و داخراوە هەموو داخراوێکیش لە کراوەدایە بۆیە داخراو کەو تاوانای نیە بەتەنیا بەکار بهێنرێت)(سالح-٢٠٠٦-١١٥) .واتا بۆ نموونە گەر نەخۆشخانە شوێنێکی کراوە بێ بەڵام ئەو ژوورەی کە نەخۆشێکی تێدا نەشتەرگەری دەکرێت یان لێی دەخەوێنرێت شوێنکی داخراوە و تەنیا دکتۆرەکە و بەردەستەکەی بۆیان هەیە بچن .(شوێنە داخراوەکان هەمیشە چوار دەوری کەسایەتیەکان دەدەن زۆر جار بارێکی نا لە بارری دەروونی بۆ کەسایەتیەکان دەخولقێنێت)(سعید-٢٠١٣-١٨٠). واتا زۆرجار داخراوی شوێن لە نێو رۆماندا گزارشتی ناتەواوی باری دەروونی کەسایەتیەکان دەکات، شوێنە داخراوەکانیش شوێنی کەسایەتیەکان پێی دەڵێ کە بەشەکە لە ژیان .لەوێوە نەهامەتی کەسایەتیەکەمان بۆ دەردەکەوێت .

## 3: جۆرەکانی شوێن لە ڕۆمانی مەملەکەتی ڕۆبۆتەکاندا:

### 3-1: شوێنی واقیعی:-

شاکەسی ڕۆمانەکە شوێنێکی جێگیر و بە تەواوی هۆگری بێ، نەبووە، ، چونکە ڕووداوەکانی وای خواستووە چەند شوێنێک بکات و لێی بژی . ئەو شوێنانەی کە لەو ڕۆمانە باسکراوە زۆرن و گشتی لە واقیع وەرگیرەوە ، تەواو دوورە لە خەیاڵ و تەنانەت لەگەڵ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە زانیاری دەربارەی گشت شوێنەکان دەزانی و لەوانەشە زۆرکەم کەی ئەو شوێنانەی دیتبێ .

ئەوانەی کە لە ڕۆمانەکەدایە باسی شارەکانی کوردستان و عێراقە، چەندان ڕووداوی سەیر سەیر لەو شوێنانە ڕوویداوە کە لە واقیع وەرگیراوە هەندێک شوێن دەکرێ دیاری بکەین کە لەو ڕۆمانە باسکراون وەکو : کوردستان و عێراق و ئێران و سنووری ئێران و شاری بەغدا و شاری هەولێر، شاری سلێمانی و کەرکوک و شاری موصڵ ، بەسرە و دهۆک و بەریتانیای گەورە وگوندی دارەتوو گوندی زەڵمی ناوچەی هەورامان ، گەرەکی قەرەجاوەی شاری سلێمانی ، گەرەکی تەیراوە ، گەرەکی سالحیە، قەڵات ، کۆشکی ریحاب ، منارەی چۆلی ، پەرلەمان ، ناحیەی هەریر و باتاس، دۆڵی تێسور، دەریاچەی حەبانییە لۆفەکەی هاوینە هاواری پیرمام ، ڕێگاکانی کۆرێ ، شەقڵاوە ، بەنداوی دەربەندیخان ، ئاوی مورتکە ، ،شاخ و کۆمپانیای بەنداوی بێخمە ، مزگەوتی خانەقا ، چایخانەی مەچکۆ ، چایخانەی عەبۆ ، بەندین خانەی ئەمین عامە، مەخفەری پۆلیسی شەقڵاوە ، سەربازگای ئینگلیزەکان ، گۆرەپانی مەشق و وازهێنان ، دوکانی چایخانەی کوردستان ، وێستگەی شەمەندەفەری زیندان ، دادگا ، گەراجی تەنەکە ، کۆگا ، دوکان، زێرابی شارەکە ، قوتابخانە، نەخۆشخانە ، ، هۆتێلی وێستهاوس ، باخچە ، قەیسەری ، بازار ، خانوو ، ماڵ دیوەخان ، ژوور، گەرماوێک .......هتد .

شوێنی ڕۆمانی ( مەملەکەتی ڕۆبۆتەکان ) دا گشتی شوێنی ڕاستەقینەیە هەروەک ئەو شوێنانەی دیاریمان کردووە ، چونکە لە بنەڕەتدا ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە ڕووداوی ڕاستین لە سەردەمی داگیرکاری ئینگلیز و ڕوسیەکان و سەردەمی عەبدالکریم قاسم و زەبر و زەنگی حەرەسە قەومیەکان و بەعسیەکان و کۆرە و دانانی حیزب و هاتنی داعش ڕوویداوە لە کوردستان و عێراق بە هۆی زۆری ئەم ڕووداوانە وایکردوە لە یەک شوێن نەگریسێتەوە .

دەسپێکی کەسێتی نێو ڕۆمانەکە لە گوندێک بە ناوی قۆریتان کە بە هۆی مردنی باوکی و نەبوونی ئەم شوێنە جێدەهێڵێ بۆ یارمەتیدانی وابکە نابیناکەی ( مێر منداڵ بووم تازە نابووە تەمەنی شازدە ساڵی ،مەلا مستەفای باوکم خوتبە خوێنی مزگەوتی گوند قۆریتان بوو، کۆچی دوایی کرد (مستەفا-٢٠١٧-٧) ، بۆیە لە باسی شوینی ڕاستەقینەی ئەم ڕۆمانە دا دەتوانین بڵێین ،

کوردستان بە گشتی دەبنە شوێنی ڕاستەقینەی ئەم ڕۆمانە شاری هەولێر دەبێتە شوێنێکی ڕاستەقیەنە بۆ ڕووداوەکان و زۆربەی ڕووداوەکان لەوێ دەبێت ( تا ئەو کاتە چاوم بە شاری هەولێر نەکەوتبوو ، نە شارەزای کەباب چیە و تامی چۆنە، بەس ئەوەنەم گوێ لێ ببوو ئەوەی دەچووە شار و دەگەرایەوە بۆنی دەمیان دەکرد و دەیان وت ئەگەر کەبابت خوارد بێت ، مانای وایە چویتە شاری ) (مستەفا-٢٠١٧- ٨) هەروەها ئاماژە بە چەندین شاری دی دەکرێ لەو ڕۆمانە وەکو شاری موصل ( یەکێک پێی وتم : ڕۆڵە تۆ جارێ منداڵیت هیچ کارێک بۆ تۆ نابێت ، مەگەر بچیتە شاری موصل ، بیستومە لەوێ ئینگلیزەکان خەڵک ناو نووس دەکە بۆ سەربازی لیڤی)(مستەفا-٢٠١٧-١٣) جگە لە شار باسی شوێنی ڕاستەقینەی تر دەکات وەکو ، خێوەتگای سەر سنووری ئێران (ماوەیەک خۆم و خانەوادەکەم لەوێ ماینەوە ، بەڵام دواتر لەگەڵ زیادبوونی هێرشە ئاسمانییەکانی حکوومەت بۆ سەر ئەو ناوچەیە ، منداڵەکانم زۆر دەترسان بۆیە ئەوانم بردە ئێران و لە خێوەتگەی ئاوارەکان لەو دیوی سنور نیشتەجێم کردن و منیش بە سەڵتی گەرامەوە سەر کارەکەم لە ناوپردان) (مستەفا-٢٠١٧-١٧٤) لەو ڕۆمانەدا زیاتریش باسی دوو بەنداو دەکات کە لەوێ بەژداری دەکات لەگەڵ بەرێوبەری دروستکردنی بەنداوەکە ( دەبەندینخان و بێخمە ) (باش ئەوەی رێگایەک بە تاواوەتی بە بەرد فەرشکرا ، خێوەتەکانیان بۆ نزیک زیی گەورە گواستەوە و لە وێشەوەدەستیان کرد بە خۆشکردنی ڕێگایەکی کە روبار لە گوندی ئەشکەوتەوە بە ناوی گەلی بێخمەن، کە لەلایەن خەڵکی ئەو ناوچەیە بە گەلی گرداسن و چیاکەشی بە چیای سەراورد ناسراوە، بەرە و گوندی دۆرە تێسور ، ئەم کارەش چەنە ڕۆژێکی خایاند ، بەو جۆرە قۆناغی یەکەمی کارەکانی بە ناوی بەنداوی بێخمە تەواو بوو) ل[٥٢] (مستەفا-س٢٠١٧-٥٢) لە بەنداوی دەربەندیخان لەگەڵ مستەر مۆرگن کاری کردووە و بۆتە شوفێر و کارمەندی ئەو خانوجکەی لای بەنداوەکە ژیاوە ( ئیتر هەر لەو ڕۆژەوە لە بەنداوی دەربەندیخان دەست بەکار بووم و لەگەرەکی خوارەوە خانوویەکیان بۆ تەرخان کردم لە خانووانە کە بۆ کارمەندی کۆمپانیاکە دروستکرابوون) ( مستەفا-٢٠١٧-٨١ ) بێجگە لە وانەی ئاماژەی بە چەند گوندێک دەکات کە پێدا ڕۆیشتووە و بۆ ئەوەی لە دەست پۆلیسەکانی بەعس رابکات ( ئەوەبوو هاوسەروومنداڵەکانمبە جێ هێشت و تەنیا ملی ڕێگام گرتەبەر و چووم مە گوندی باداوەی مەلا فەندی و لە پێشەوە بۆ گوندی سێبەردان و دواتر بەرەو کەسنەزان و دەربەندی گۆمەسپان، بەپێی ئەو ڕێگایەم گرتەبەر تا گەیشتمە گوندی سماق قوڵی ) ل[١٤٦] هەروەها باسی چەند شوێنێکی تری ڕاستەقینە دەکات کە هەلێک بوو بۆ بەدەست هێنانی کارکردنی وەکو چایخانە و هۆتێل و وێستگە ( چایخانەی بەجێ هێشت ، لەگەڵ هاورێکانم ماڵئاوایمان لە یەک کرد ، ئەو گەرایەوە بۆ گوند و منیش بەرە و وێستگەی شەمەندەفەرەکە ڕۆیشتم . هۆتێلێکی لێ بوو بە ناوی وێستهاوس ، باخچەیەکی خنجیلانەی جاوانی هەبوو ) ل[٣٤]

( کۆشک) شوێنێکی واقیعە و بۆ هەموو کەس نیە تەنیا کەسانێکی بە دەسالآت کە سەبەبی گشت ڕووداوەکانن لە شاری بەغدا ئاماژەی بە کۆشکی ڕیحاب کردووە کە سەردانی کردووە ، ( جارێک چوینە شاری بەغدا و سەردانی مەلیک فەیسەڵی دووەمی کرد ، مەلیک فەیسەڵی دووەم بە ئامادەبوونی عەبە و لئیلای خاڵی و نووری سەعیدی سەرۆک وەزیرانی لە کۆشکی رەحاب پێشوازی لێکردنین و بۆ ناو کۆشک بە پێش خۆیان داین)ل[٢٢]

وەک دەبینن ڕۆمان نووس زۆر واقیعیانە ڕۆمانەکەی دارشتووە سوێنی واقیعیش وا دەخوازێ نابێ دەتکاری بکرێت چونکە خوێنەر تا ئاشنایی و شارەزایی بەرامبەر شوێنەکە هەیە وەکو لەو پارچەیەیان دەڵێ ( وتم: بۆ کوێ بچین ؟ وتی : تۆ ناڵێی خەڵکی ئەم شارەم و کەواتە دە بێ زۆربەی شوێنەکانی شارەزا بیت وایە؟ وتم: بەڵێ ئەمە یەکەم جارمە گوێم لە ناوی بێخمە بێت ، نازانم دەکەوێتە کوێ ، وتی : دەکەوێتە شوێنێک لە ناحیەی هەریر و باتاس ، پێی دەڵێن دۆڵە تێسور ، لە نزیک گوندی شانەدەر ، ئەو شوێنەوار ناسەکان ئێسقانی مرۆڤی نیاندر تاڵیان لێی دۆزیەوە.) ل[٤٩] . گەر جوان سێر بکەی شوێنەکان نەگۆردراون جێگۆر یان ناوی شوێنەکی خەیاڵی نەهێناوە ، بەڵکو چۆن دوای یەک دێن و خەڵک زانیاری لەسەر هەیە وەکو خۆی دارشتوە .

## 2-3: شوێنی خەیاڵی:-

ئەو ڕۆمانەیە لە خەیاڵ بینراوە هیچ شوێنێکی خەیاڵی تیا نیە ، تەنیا ئەوە نەبێ کە لە دوو شوێن بە شێوەیەکی سادە باسی شوێنی خەیاڵی کراوە وەکو لە بەشەیا کە سەبارەت بە هاوسەرگیری هاورنیە کیانە ( خاڵە عەبەش ڕووی تێکرد و وتی : ناوی خوا بێنن و ئاشت ببنەوە، دونیا ئەوەندە ناهێنێ ، ئێرە دوور ڕۆژە چوونەتە ناو قەفەزی زێرینی هاوسەرگیرەوە، خۆ هێشتا مانگی هەنگوینیتان تەواو نەبووە بۆ وا دەکەن .) ل[٩٩] . وەک دیارە ( قەفەزی زێرین ، هاوسەرگیری ) شوێن نیە تەنیا فیکرێکی خەیاڵی لێ بەسدەکرێت ، هەروەها لە شوێنێکی تر بە خەیاڵ بیر دەکاتەوە ( قسەکانی وەستا ئەحمەد بردە ناو دەریای خەیاڵێکی قووڵەوە لە بیرخۆمدا دەموت بۆ دەبێ ئێمە میللەتێکی ، هێندە بەد بەخت بین و دەبێ هەمیشە دار دەستی دوژمنەکانمان بین ) ل[٢٠٣]. چونکە ئەو ڕووداوانەی لە ڕۆمانەدایە لە ژیانی ڕاستەقینە ڕوویدایە و بۆ ڕۆماننوس خۆی دوور گرتیە لە شوێنی خەیاڵی.

## 3-3: شوێنی هۆگر:

ئەگەر چی ئەم رۆمانە گرینگی بە شوێنی هۆگرداوە بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا شوێنێکی تەواو هۆگر نادۆزینەوە ، بەهۆی ئەوەی شاکەسی رۆمانەکە بە دوای کارکردن بۆ رێگای دوور و شار و گوند بەدەر بوون هەست بە ئارامی و هۆگری شوێنەکاندا ناکات، بەڵکو جۆرێک لە خەم و دڵە راوکێی تیدا بەدی دەکرێت ، لەگەل ئەوەشدا هەندێک شوێن هەیە هەست بە حەسانەوە و ئارامی دەکات ، شاکەسی رۆمانەکە هۆگری گوندەکەیان دەبێ کە برا گەورەکەی لێ دەژی ، بەبینینی برا گەورەکەی و گەرانەوەی گوندەکەی هەست بە ئاسوودەیی دەکات ( گەیشتینە ئاوی مورتکە ، بە مێجەرم وت : گەورەم گوندەکەی ئێمە لێرەوە نزیکە ، ماڵی براگەورەکەم لە وێیە ، لە کاتەی پەیوەندیم بە سەربازیەوە کردووە نەم بینیون و زۆر غەریبیان دەکەم )ل[19] ، بە یەکگەیشتنی شاکەس و هاورێکەی و بەسەر بردنی کاتێکی خۆش چایخانە بووە شوێنێکی هۆگر بۆیەن ( لە راستیدا من لەو زیاتر دڵم خۆش بوو ، ژیانی غەریبی زۆر ناخۆش بوو، بە بینینی ئەو خۆشیان دا شاگەشکە بووم ، چونکە ساتێکی خۆشمان بە یەکەوە بە سەر برد ) ل[32] .

هەروەها بێجگە لە چایخانە هۆتێلیش بۆ شوێنێکی هۆگر و مژدە بەخش بۆ شاکەسی رۆمانەکە ، کە لەوێ دەرفەتێکئی باشی پێ  بە دەست دێ ( بەم قسانە زیاتر دڵخۆش بووم ، لە دڵی خۆمدا دەموت تۆ بڵێی ئەمە ئەو کەسە بیت کە منی پێدە ناسێنێت ) ل[36] .

کارکردنی لە بەنداوی بێخمە تەواو شاکەسی تامەزرۆ کردبوو بۆ گەیستن بە شوێنە و بە جۆرێک هۆگری ئەو شوێنە ببوو لە کاتێک دا  نەیبینیوە بۆیە رێگای سەختی بۆ دەبری تا بگاتە بە وێ ( رێگایەکی زۆر دوور و درێژ و زۆر ناخۆش بوو ، ناوچەیەکی شاخاوی بوو، لە بەسەر کەوتنی چواردە لۆفەکەی هاوینە هاواری پیرمام و تایبەت مەندی و نزمی رێگاکانی کۆرێ و شەقڵاوە ، بەڵام لا ناخمدا زۆر ئاسوودە  و دڵ خۆش بووم بە وەی کە کارێکی باشم دەسکەوتووە ) ل[29] .

خانوویەکی لە گوندی ئامۆتان بنیادنا بۆ خێزانەکەی تاوەکو ژیانێکی ئاسوودە لی بەسەر بەرێت ، ئەوە ژیانێکی نوێی پێبەخشێ و هۆگری ماڵەکەی بوو ( بەم شێوەیە ئەو کچەم خواست و بوومە زاوای ئەوا و هەر لەو گوندەش خانوویەکم دروست کرد و مالم لێی دانا ، پێکەوە نانی خێزان لە کات و ساتەدا بۆ من شتێکی باش بوو ، لە ژیانی تەنیایی باشتر بوو ) ل[55]هەروەها هۆگر بوونی بە شوێنی کارەکەی و هەستی شانازی کردن بە خۆی وایکرد ناوچەکە جێنەهێڵێت ، چونکە شوینی کارەکەی وایکردبوو بژێوی ژیانی زۆر باش بێت ( خەڵکی ئەو ناوچەیە زۆرکەم دەرامەت بوون ، بۆ بژێوی ژیانیان تەنها پشتیان بە بەروو بومی ئاژەڵی و مەر و ماڵات بەخێوکردنی و کوشتوکاڵەوە بەستبوو، بەڵام دوای دامەزراندنیان لە

کۆمپانیاکەدا هەندێک بوژانەوە و منیش مانگانەکەم لە ماوەیەکی کەمدا کەیشتە سەد دیناری عێراقی ، ئەو کاتە پۆلیسێک مانگانەکەی پێنچ دینار بوو ، بۆیە لە رووی ئابووریەوە پێگەی من زۆر لە هی ئاغاو و گەورەی گوندەکانی ئەو ناوچەیە بە هێزتر بوو، ئەمەش وایکرد بوو هەرهەمووویان سوێند بە سەرم بخۆن) یەکێک لەو شوێنانەی جێگای دڵخۆشی و هۆگر بوونی شاری سلێمانی و دەربەندنیخان بوو ئەمەشیان بە هۆی ئەوە دەبوو شوێنی کارکردنی ( بەم شێوەیە نەفەرکانم هەڵگرت و بەرە و شارۆچکەی هەریر و باتاس گەرامەوە و لە رێگاش نیوەی بیر و هۆشم هەر لەلای بەنداوی دەربەندیخان بوو، لە خەیاڵی خۆمدا دەموت تۆ بڵێی یەوانیش وەکو کۆمپانیای بەنداوی بێخمە ، بایەخم پێبەن و مووچەیەکی باشم بۆ ببرنەوە ) ل[٧٩] ، لەو رۆمانە دەبینن شاکەسی ئەم رۆمانە هۆگری تاکە شوێنێک نەبوو کە بەردەوام لە هزر و خەیاڵی دابێ بە خۆی ئەو مەینەتی و کارکردنوئەوکات بارودۆخی بەردەوام لە گۆرینی شوێنەکانی دا بووە کەواتە هیچ شوێنێک نەبووە هۆگری بێت .

## 4-3: شوێنی ناهۆگر :

بە هۆی ئەو گەران و سورانەی شاکەس لە نێو رۆمان دا وایکردووە  زۆر شوێنی ناهۆگر لە ژیاندا دروست ببێت ، شوێنی ناهۆگر رۆڵێکی زۆر دەبینێ لە فەزای گشتی رۆماندا دەبینێ ، ئەویش بەهۆی ئەو سیاسەتەی بەسەر عێراق و کوردستان دا دەهات و بەردەوام دەسەڵات دەگۆردراو کارەکانی جۆراو جۆر لە شوێنی جیا جیا و ترس و مەترسی لەسەر ژیانی .

شاکەسی رۆمان سەرەتا ناهۆگر بوونی بە وازهێنان کارە سەربازییەکەی لە نێو سوپای عێراق لە کاتێک دا زۆر هۆگری سەربازەکانی ئینگلیز لیڤی بوو .

( دوای چەند رۆژێک مەشق و راهێنان ، بۆم دەرکەوت کە قسەی برادەرەکەم راستە ، هەر لەو کاتەی دەچوینە گۆرەپانی نمایشکردنی سەربازی تا دەگەراینەوە ، سوکایەتیمان پێ دەکرا ، ئەفسەرەکان و پلەدارەکان ناو ناتۆری ناشرین و جوێنی پیس بانگیان دەکردین ) ل[٣١] .

جگە لەوەی بە هۆی ئەو ناشرینیەی لەو گۆرەپانە بەرامبەری دەکرا و وازهێنانی توشی خەم بوو ، بێجگە لەوەش ئەو گوندەی کە دایکیشی لێبوو هۆگری بۆ نەمابوو ، مەیلی گەرانەوەی بۆ گوندەکە نەبوو.

( ئەو رۆژەی جل و بەرگ و کەل و پەلە سەربازییەکانم را دەستی بنکەی مەشق کردن و راهێنانی سەربازی کردوە ، زۆر خەمبار بووم ، دو د: بووم لەوەی ئایا بگەرێمەوە بۆ گوندەکەمان و ژیانی بێکەسی و کۆمەرگی لەگەڵ دایکێکی پیری نابینا بەسەر بەرم یان لە شاری هەولێ بە دوای کارێکدا بگەرێم ) ل[٣١] .

شوێن لە هۆگریەوە بوە ناهۆگری لەوانە شاری هەولێر کە پێشتر زۆر بەو شارە دڵ خۆش بوو ، کەچی دەربەندنخان شوێنی هەولێری گرتەوە و هۆگری بوو .

ئە ژیانە بۆ منیش تا رادەیەک نا خۆش بوو ، لە دەربەندیخان خەڵکی گەرەک و هەر شەوی لە ماڵێک کۆ دەبوویەنە و بە گاڵتە و گەپ کاتەکەمان بەسەر دەبرد ، بەڵام لێرە کەسم نەدەناسی)ل[١٢٨]

زۆربەی ئەو شوێنانەی باسکران شار و گوند بوون ، بەڵام بێجگە لەوان شوێنێکی وەکو دوکان بووە شوێنیکی ناهۆگر ، شا کەس ناهۆگر بوو بەرامبەر دوکانی سەرتاشینو هەرگیز بۆی نەگەرێتەوە،

( سەرتاشەکە بەشێکی پرچمی تاشیبوو، دەنا هەڵدەستام و دوکانەکەیم بە جێ دەهێشت ، بەڵام ناچار بووم تا کۆتایی بەرگە بگرم و لە دڵی خۆشمدا بریارمدا کە هیچی تر بۆ سەرتاشین نەیەمەوە بۆ لای ئەو نەبادا ، ناوی منیش بەهۆی ئەوەوە لەکەدار بێت)ل[١٣١] .

بەهۆی دەستگیر کردن و رەوانەکردنی بۆ زیندان کە شوێنێکی نا هۆگرە ، شاکەس بریار دەدات شار بەجێ بهێڵێت و بچێت بۆ شاخ ( بۆیە هیچی تر بەرگەم ناگرت و بریارمدا وەکو ئەو خەڵکە بچمە سەرەوە و پەیوەندیان پێوە بکەم ، ئەوە بوو هاوسەر و منداڵەکانم بە جێ هێشت و بەتەنیا ملی رێگام گرتە بەر ) ل[١٤٦] .

جگە لەو شوێنانەش شوێنێکی بچوک و وە بێتە شوێنێکی نا هۆگر وەکو ( تابوت ) کە گشت مرۆڤ هەستێکی ترس لە دڵیدا دروست دەبێ ، شا کەس ترس و دڵە راوکێی بارامبەر مردوو و تابوت هەیە و لە رۆمانەکەدا باس کرایە .

( شەوێکی ئەنگوستە چاو بوو ، چاو چاوی نەدەبینی ، بۆیە لێم تێک چوو ، لە جیاتی بچمە ناو چالێک لە چاڵەکان ، ئەو تابوتانەی لە بەردەم مزگەوتەکە دانرابوون ، لە چاڵەکان ، لەو چالانە جیانەکردنەوە کە لە بەردەم مزگەوتەکە لێ درابوون ، بیە خۆم فرێدایە ناو یەکێک لەو تابوتانە و کەوتمە سەر تەرمەکەی ناوی ، زۆر ترسام زۆر لە شوێنێکی زۆر قایمە ، دەنا دەبوو دەمویست دەرچوو بار وەخت بوو لە ترسان دڵم بوەستێ ) ل[١٥١] .

ناهۆگر بوونی شاکەس لە خانوویەکی گوندی گەلالە ، کە لەوێ بۆ مانەوە و خەوتن حوکمەتی شۆرش داینابوو ، بەهۆی ئەوەی جێگاکە پێداویستی حەوانەوەی کەم بوو بۆیە شاکەس توشی گرفت ببو لەگەڵ کەسێک . ( یەکێک لە کارمەندەکان کە دۆشەک و بەتاتنی بەر نەکەوتبوو ، نەیهێشت بخەوم ، گێچەڵی پێدەکردم ، زۆر هەوڵم دا لە کۆل خۆمی بکەمەوە بالام بێ سوود بوو ، بۆیە بە توورەییەوە چوومە دەرەوە وتم :- گوو بە خۆتان و دۆشەک و بەتانیتان ، دەچمە مزگەوت دەخەوم زۆر لە خەوی ئێرە باشترە ) ل[١٦١] .

یەکێکی تر لەو شوێنە ناهۆگرانەی کە خەمێکی قووڵی لە دڵی شاکەس جێهێشت رووداوێک بوو لە چێشتخانەیەک بە سەری هاتبوو ، ئەو دیمەنەی لەبەر چاو بوو ( ئێمەش وردە وردە بۆ چێشت خانەیەک شوێبووینەوە وە، کە چوین دیمەنێکی زۆر تراژیدیامان بینی ، خاوەنی چێشتخانەکە شەهید ببوو، جەرگ و هەناو و ریخۆڵەکانی کەوتبونە ناو مەنجەلی تەشرییەکە ، دەت وت بە ئەنقەست ئەو دیمەنە دروست کراوە ) ل[١٦٥] .

شاری قەلاتزێ لەو رۆمانە باسکراوە وەک شارێکی ناهۆگر و ئەویش لە ئەنجامی بۆمبارانەی بەسەری دادابوو و ئەو کەسانەی لەو شارەدا بوون توشی نەخۆشی ترس ببون ( کە گەیشتینە ئەوێ ، ئەو شارە جوانە بە تەواوی خاپوور ببوو، دەتوت لە جەنگی جیهاندا وێران بووە ، داری لەسەر بەرد نەمابوو خەڵکەکەشی هەموویان تێک قڗ قڗابوون ، دەتوت رۆژی حەشرە ، هەموو لایەک شین و گریان بوو ، کوژراو بریندا یەک بار بوون ) ل[١٦٦] .

سنووری ئێران و عێراق بووە شوێنێکی ناهۆگر و خەڵک لە سنووری ئێران دەگەرانە وە بۆ عێراق و بە دلێکی خەمگین ، شاکەسیش بە رۆژێکی تاواو ناخۆش تێپەر ببو ( رۆژێکی زۆر ناخۆش بوو ، ئەوەی بە خەیاڵم دا نەدەهات ، بینینی رۆژێکی وابوو ، بە درێژایی سنوورەکان تا گەیشتینەوە سووری دەسەڵاتی حکومەت و هەموو لایەک پێشمەرگە چەکەکانیان فرێدا بوو و خۆشیان وەکو مەری بێ شوان هەریەکە و بەلایەک ملی رێگای گرتبوو بەرو خمانم زۆر بە زەلیلی دەهاتە پێش چاو ) ل[١٨١].

شاکەسی ئەم رۆمانە زۆر گەراوە لە شوێنەکاندا تاوەکو ئاسودەیی بۆ خێزانەکەی بنیاد بنێ ، بەڵام ئەو کێشە و ناخۆشیانەی دەهاتە رێی بێ ئەوەی ویستی ئەوی تێدا بێ دووری دەخستەوە لە شوێنەی لێی دەژیا و کاری دەکرد، بەهۆیەوە دوو دڵی زۆر دەبوولەو شوێنەی دەژی چونکە بەردەوامی تێدا نەبوو تا دڵی خۆش بێت .

## 5-3: شوێنی کراوە :

لەم رۆمانەدا شوێنی کراوە پانتایەکی فراوانی داگیرکردووە بە جۆرێک ئاماژەی بە هەموو شوێنێکی بۆ نموونە وەکو شاری هەولێر ، باسی ( قەیسەری ، مزگەوتی خانەقا ، گەرماوی قەڵات ، گەرەکی تەیراوە ، قەڵات ، چایخانەی کوردستان ، کەبابخانە، گەرەکی موفتی، نەخۆشخانەی لە دایک بوون و منداڵان ، دوکانی عەتاری ، گومرگی ئیبراهیم خەلیل ، گەراجی تەنەکەچی ، گۆرستانی کەسنەزان ، سەرقەبران .....هتد) بەردەوام شاکەس سەردانی شوێنە کراوەکان دەکات هەندێک بۆ سەردانی و هەندێک بۆ کات بەسەر بردن ، هەندێکیش ناچاری و راکردن و دوورکەوتنەوە لە ماڵ .

چایخانە شوێنێکە خەڵک زۆر رووی تێ دەکات بۆ بەسەر بردنی کاتێکی خۆش و ماندوو بونیان بحەسێتەوە ، شاکەس زۆر رووی لە چای خانەکان دەکات بۆ کات بەسەر بردن ( لە نزیک کەبابخانەکە لە ناو قەیسەرییەکە چایخانەی کەوبازانی لێ بوو ، کەو بازەکان لەوێ شەریان بە کەوەکانیان دەکرد ) ل١٠ .

یەکێکی تر لەو شوێنە کراوانە ( هۆتێل) ە ، کە شاکەس لە رێگای هاورێکەیەوە رەوانەی وێندەر کرا بۆ ئەوەی سەردانی کەسێکی تر بکات لەو هۆتێلەدا بۆ ئەوەی کارێکی دەسکەوێت . چونکە زۆر کەس روو لەو شوێنە دەکات کە دەیان ناسێت . ( هۆتێلێکی لێ بوو بە ناوی رێستهاوس، باخچەیەکی خنجیلانەی جوانی هەبوو ، هەروەکو مام عەبۆ وەسفی بۆ کردم ، پیاوێکی بە قەڵافەت ، چاکەت و پانتۆلێکی لەبەردابوو ، شەبقەیەکیشی لەسەر دابوو لە ناو باخچەکە لەسەر کورسییەک دانیشتبوو قاچەکانی لەسەر یەک دانابوو ) ل٣٤ .

( گەراج یەکێکە لەو شوێنە کراوانەی کە لە رۆماندا باسکراوە بە ناوی ( گەراجی تەنەکە ) بۆ شوێنی ئەو رێبوارانەی کە روویان ( گوندەوە دەهاتنە شار دەچنە ئەم گەراجە بۆ ئەوەی ئەو بارانەی هەیەنە بیفرۆشن منیش هەستام و خواحافیزیم لە ئامادە بوان کردو بەرەو گەراجی تەنەکە رۆیشتم بۆ ئەوەی هەواڵی خزم و کەس و کار و دۆست و برادەرەکانم لەو پیرەمێردانە بپرسم کە بە کە روبار ماست و پەنیر لە گوندەکەمان دێنێتە شار و لە بەردەم گەراجی تەنەکە دەیفرۆشت ) ل٧٢ .

بە هۆی ئەو بارو دۆخەی هەبوو ئەوکات پێشمەرگەکان لە نێو مزگەوتەکان دەخەوتن شاکەسیش بە هەمان شێوە بەهۆی هەڵاتنی لە شار پەنای دەبردە  مزگەوت ، چونکە مزگەوت شوێنێکی کراوە و گشتی بوو ( من و هاورێیەکم وەکو ئەوان چوینە مزگەوتەکەو تاکو بەیانی یێ راکشاین )ل١٤٩ ( خەڵکێکی زۆر روویان کردبووە ئەو ناوچەیە و چایخانە و کوچە و کۆلانەکانی و سەرشۆستەی شەقامەکان لێی راکشابوون )ل١٤٨ .

یەکێکی تر لەو شوێنانەی کە خەڵک و شاکەس رویان تێکرد( چێشتخانە ) شوێنێکی کراوە و گشتیە بۆ ئەوەی خیان لە برسێیەتی رزگار بکەن ( رۆژێک بە پێیان شۆر بوومە خوارێ ، لەسەر شەقامە سەرەکیەکەی گەلاڵە و ناوپردان ، چێشخانەیەکی گەورەی لێبوو ، ئەو رۆژە حەزم چووبووە خواردنی تەشریب ، دەمەو نیوەرۆ بوو ، خەڵکێکی زۆر لە چێشتخانەکە بوون ) ل[٦٣] .

یەکێکی تر لەو شوێنە کراوانە (نانە و خانە ) یە بێگومان ئەویش چۆتە نانەوخانەیەبۆ ئەوەی لەگەڵ هاورێکەی نان بکرن ( کە گەیشتینە رانیە ، رۆژ لە تاقی ئاسمان بوو ، چوینە مزگەوتی گەورەی رانیە و لەسەر جۆگەی ئاوەکەی بە ئاوی قولە ناسراوە دەموچاومان شوشت و لێی راکشاین ، دوای پشویەکی کورت ، چوینە نانە و خانە و دوو نانی گەرممان کری و بە دەم رێگاوە دەمانزاراد و بەرەو شارۆچکەی قەلاتزێ بە رێ کەوتین ) ل[١٥٥] .

شوێنێکی تری کراوە و گشتی ( بازارە )، لەو رۆمانە باسی بازاری نەغەدە، ئەم بازارە لە ورمێ ی ئێرانە ، لەبەر ئەوەی شاکەسیش لەگەڵ خێزانی لەودیوی سنوور بووە چوەتە ئەم بازارە ،( ماوەیەک لە ناو پردان ماماوە ، دوای بە سەردان گەرامەوە لای منالەکانم ، پێش ئەوەی بچمە خێوەتگایەکە ، چوومە بازاری نەغدە بۆ کرینی هەندێک کەل و پەل و میوە ) ل[١٧٥]
.

یەکێکی تر لەو بازارانەی باسی کردووە (بازاری نیشتیمان) کە قەرەباڵغ بووە پر بووە لە خەڵک ، شوێنی گشتی و کراوەیە ( ئاوێکم بە دەموچاوم داکرد و دوای پشویەکی کورت بە سواری پاس چومە بازار گەیشتمە بەردەم بازاری نیشتیمان ، خەڵکێکی زۆرم لێ نزیک نافوورەکان پارکی نیشتیمان بینی ، غەڵبە غەڵبیان بوو ) ل[٣١٧] .

شوێنێکی تری کراوە کە لە رۆماندا باسکراوە (گۆرستان ) کە شوێنیکی کراوەیە کە گشت کەسێک بۆی هەیە مردووی لێ بنێژێ ، ئەو شوێنە لە رۆمان باسکرایە وشاکەس بەژداری تازیەی مردووی جیرانەکەیان کردوە و چۆتە گۆرستان ( دوای ئەوەی نوێەکە تەواو بوو تەرمی وەستا عەدنانیان بە دارە بازەکەو، لە مزگەوت دەرهێنا و بەرە و گۆرستانیان براد ، منیش لەگەڵ خەڵکی گەرەکەکەمان رۆیشتمە سەر قەبران و لە گۆرستانی کەسنەزان بە خاکمان سپارد ) ل[٣١٥].

یەکێکی تر لە شوێنی کراوە ئەویش بارەگای حزبی ویلایەتی موصل بوو کە بۆ راکێشانی خەڵک و چێشخانەیەکیان دانابوو بۆ نان خواردان و پێدانی خواردن بەو کەسانەی دێنە ئەو بارەگایە .

( دەیان کەسی گەورە و بچوک لە دیوەخانە کە دانیشتبوون و ماست و سەرتوویان لەبەردەم بوو لەگەڵ سەموون و چایە دەیان خوار ، سڵاوم لێکردن و بەردەم نانخواردنەوە پێم وتن ،: نازانن حیزبی ویلایەتی موصل لە کوێیە ؟ وتیان : ئێرە حیزبی ویلایەتی موسڵە ) ل٢٠٩ .

بێجگە لەم شوێنانە شوێنی کراوەی زۆر لێ ئاماژە پێ کراوە وەکو شاز و ڕێگای نێوان گوند و گوند یاخود گوند بۆ شار لەگەڵ مزگەوت و گەرەک و بەنداو و سەرتاشخانە و ئەو شوێنانەی ڕۆمان نووسەکە نوسیوویەتی گشتی کراوە و واقیعیەن لە ژیانی راستەقینەشدا خەڵکانێکی زۆر زۆر ڕووی لێدەکەن .

## 3-6: شوێنی داخراو:-

شوێنی داخرام خۆی لە روی خەوتن و ئەو خانوو و خێوەتگایەی لەگەڵ خیزانی لێی دەژیا ، لەگەڵ زێرابی شار و لەگەڵ زیندانی کردنی ، هۆکاری کەمی شوێنی داخراو ، بەردەوام گەران و سورانی شاکەسەکە بە هۆی کارکردن و راکردن لەدەست سەربازان و گیروگرفتی ئەو کاتی کوردستان .

یەکێک لەو ژورانەی شاکەس بۆ خودی خۆی گرتبووی ژووری هۆتێلەکەیە ، ( گەترامەوە و چومە هۆتێلی فەرەج کە لەسەر چایخانەی مەچکۆ ، ژورێکم گرت و ئەو شەوەم لەوێ بەسەر برد) ل٣٧ .

ژورێکی تریش کە داخراوە بۆ تەنیا شاکەس و دکتۆر و ئافرەتە دوگیانەکە لەو ژوورە بون شوێنێکی داخراوە چونکە کەسی دی بۆی نەبوو لە کاری لەدایک بوونەکە لەوێ بێت.

( پزیشکەکە پێی وتم : پێیان بڵێم هەموویان بچنە دەرەوە ، تەنها یەکێک لەگەڵ ئەو ئافرەتە دوگیانە لە ژوورەکە بمێنێتەوە و لە راپەراندنی کارەکە بەردەستیمان بکات ) ل٤٢ .

لە گوندی ئامۆتان پاش ئەوەی کچێکی لێ خواست خانویەکی لێ دروست کرد خانوش شوێنێکی داخراوە تایبەتە بە  شاکەس و خێزانەکەی ( بەم شێوەیە کچەکەم خواست و بوومە زاوای ئەوانو لەو گوندەش خانویەکم دروست کرد و ماڵم لێی دانا پێکەوە نانی خێزانی لەو کاتە و ساتەدا بۆ من شتێکی باشی بوو ، لەژیان تەنیای باشتر بوو ) ل٥٥.

زێرابی شار شوێنکەی داخراو و تاریک و پیس و ترسناکە ، لەم ڕۆمانە باسی زێراب کردوە ( لەم ڕۆژانەدا جاهید سەرخۆش دەبێت و لە هاتنەوەی ڕێی لێ ون دەبێت و شەویشی بەسەر دادێت ، دەچێتە ناو زێرابی شارەکە و لێی دەخەوێت ، کاتێک لە نیوەشەودا سەرخۆشیەکەی بەر ئەیات و چاوەکانی دەکاتەوە لە تاریکی بەلاوە هیچی تر نابینێت دەیەوێت هەستێتەوە و

سەری بە نیمچە زێرابەکە دەکەوێت ، هەر وا دەزانێت مردووە و بەسەر بە بەردێ کەوتوە و بۆیە شەهادە دەهێنێت و لێی رادەکشێتەوە و لە دلی خۆیدا دەلێ مردووم ) ل[٦٩] .

بەندین خانە یەکێکە لەو شوێنانەی داخراوەن و خەلک تێیدا سجن دەکرێت کە شوێنێکی تەواو ناخۆشە لەلای گشت کەسێک ، چەنکە ئازادیت ناهێلێ .

(بە هەر حاڵ ئێمەیەن لەیەک جودا کردەوە و دوای هەندێک خۆم لە بەندینخانەی ئەمنی عام دیتەوە و دوای سوکایەتی زۆر و کوتانم منیان فرێدایە ژورێکی بچکۆلانەی ژێر زەمین و تا نیوە شەو کەسی لێی نەپرسیمەوە ) ل[١١٧] .

لە بەشی تریش بەهۆی دزینی سەیارەی حکومەت و بەتۆمەتی دزیکردن شاکەسیان تۆمەت بار کرد و زیندانیان کرد .

( وتم من هیچم نەکردووە ، بێتاوانم ، بەلام ئەوان گوێیان لێ نەگرتم و بە شەق و پێلاقە فیرەیاندامە زیندانەوە و دوای کاتژمێرێک منییان هێنایە دەرەوە و بۆ بەردەم ئەفسەری لێکۆلینەوەیان بردم) ل[١٤٤].

**ئەنجام :•**

له ئەنجامی لێکۆڵینەوەم لە( شوێن لە رۆمانی مەملەکەتی رۆبۆتەکانی کەمال سەعدی دا ) گەیشتوین بەم ئەنجامانە:•

1-ئەم رۆمان نووسە لە رۆمانەکەیدا بەشێوەیەکی فراوان شوێنی واقیعی بەکار هێناوە ، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو رووداوانەی کە رووی دایە لە شوێنی واقیعی روویدایە .

2-رۆمان نووسەکە شوێنی خەیاڵی بەکار نەهێناوە چونکە رووداوی رووداوەکان لە شوێنی واقعین دوور کەوتۆتەوە لە خەیال .

3-رۆمان نوس سەبارەت بە شوێنی کراوە و شوێنی داخراودا وەک یەک باکاری هێناوە کە کەسایەتی رۆمانەکە بۆی دەچێت لە نێو رۆمانەکەدا .

4-وە رۆمان نووس لە رۆمانەکەیدا شوێنی هۆگر و شوێنی نا هۆگری پەیوەست کردووە بە یەک واتە هەر شوێنێک کە پالەوانەکە هۆگر دەبوو پێی ئەوا بە تێپەر بوونی کات ئەو شوێنە دەبوو بە ناهۆگر بەهۆی ژیانی لە سەردەمێک وا ژیاوە.

5-لە کۆتاییدا بۆمان بەدەر دەکەوێت کە رۆمان نووس رۆمانێکی واقیعی نوسیوە ، چونکە رووداوەکان و سەردەمەکە و شوێنەکان هەمووی واقعین لە ژیانی میلەتێکی چەوساوە تا وەکوو ئێستا وەرگیراوە ، بۆیە شوێنی واقیعی رەنگ دەداتەوە لە رۆمانەکەدا .

## سەرچاوەکان:

- **نامەی دکتۆرای:**


- تانیا ئەسعەد مەحەمەد – بینایی شوێن لە دوو نمونەی رۆمانی کوردیدا ( هێلانە – ئەژدیها ) ( لێکۆڵینەوەی تیۆری – پراکتیکی – رەخنەیی – زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی زمان – هەولێر ٢٠٠٦ زایینی.
- سەرکەوت عمر ئیبراهیم - بنیاتی هونەری لە رۆمانی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان (١٩٩٨ – ٢٠٠٨ ) کۆلێژی زمان – زانکۆی کۆیە – ٢٠٠٣ زایینی.

- **نامەی ماستەر:**

- ئارەزوو مەحەمەد عەلی – تەکنیک لە رۆمانەکانی (عەبدوڵلا سەراج ) دا – زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی پەروەردە – هەولێر ٢٠٠٩.
- کەژاڵ عەبدولقادر عوسمان – بنیادی شوێن لە شعری هاوچەرخی کوردیدا دەقەکانی ( دلاوەر قەرەداخی – کەژاڵ ئیبراهیم خدر ) وەک نموونە – زانکۆی سەڵاحەدین کۆلێژی زمان – هەولێر ٢٠١٢.
- سنور قادر فەرەج – تەکنیک لە کۆمەڵەی چیرۆکی (گوڵی رەش)ی شێرزاد حەسەن دا- زانکۆی سلێمانی سکوڵی زمان – بەشی زمانی کوردی – سلێمانی -٢٠١٤.
- سەیران مەحەمەد طاهر سعید – بنیاتی هونەر لە چیرۆکەکانی دکتۆر کاوس قەفعان دا – زانکۆی سلێمانی سکوڵی زمان – بەشی زمانی کوردی – سلێمانی -٢٠١٣.
- بێستوون عارف عەزیز –بابەت و تەکنیکی خواستراو لە رۆمانی کورد باشری کوردستاندا ٢٠٠٠- ٢٠١٢ – زانکۆی سلێمانی ٢٠١٤.

## تغطية **ملخص البحث**

تعتمد حياة الإنسان على المكان ، والمكان له تأثير كبير على حياة الإنسان ، ويسعى الإنسان إلى خلق حياة سعيدة وآمنة لنفسه ويسعى إليها ويسعى لتحقيقها ، يحتاج الإنسان إلى مكان مؤكد وآمن من بداية الحياة حتى الموت. المكان الذي يعد من الأنواع الرئيسية للرواية ، له مكانة وأهمية كبيرة سواء في نص الرواية ، يعتمد تأثير المكان في نص الرواية على الأحداث والأوقات والشخصيات في الرواية. لأنه إذا أراد المؤلف تغطيةحدث في روايته ، فنحن بحاجة إلى بضعة أحرف وموقع محدد مطلوب وقت وقوع الحادث. هذه الدراسة هي محاولة للتعرف على أنواع المواقع في الرواية (بلد الروبوتات) وتتكون من مقدمة وقسمين ، وأخيرا يتم تلخيص النتائج.

## Research Abstract

Human life depends on the place, and the place has a great impact on human life, and man seeks to create a happy and secure life for himself and seeks and seeks to achieve it, man needs a sure and safe place from the beginning of life until death. The place, which is one of the main genres of the novel, has a great place and importance both in the text of the novel, the effect of place in the text of the novel depends on the events, times and characters in the novel. Because if an author wants to cover an event in his novel, we need a few characters and a specific location that is needed at the time of the accident. This study is an attempt to identify the types of sites in the novel (the country of robots) and it consists of an introduction and two sections, and finally the results are summarized.